زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# رۆڵی عومەر پەتی لە زیندووكردنەوەی فۆلكلۆری كوردیدا

**پرۆژەی دەرچوونە**

پێشكەشە بە بەشی (زمانی كوردی)كراوە، وەک بەشێک لەپێداویستیەكانی بە دەستهێنانی بروانامەی بەكالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی كوردیدا.

ئامادەكراوە لەلایەن:

رێناس اسماعیل جوهر

بەسەرپەرشتی:

د.شەرمین ابراهیم عزیز

نیسانی 2024

پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم توێژینەوە بە سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە وەک

پێویستیەک بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە پسپۆری زمان و ئەدەبی کوردی. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئیستا پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ و هەلسانگاندن بکرێت.

واژوو: 

ناو:د. شەرمین ابراهیم عەزیز

ڕێککەوت:٢٠٢٤/٤/١

پێشکەش بە :

- دایک و باوکی لە دڵا ئازیز و یەکەم فێرگەی ژیانم .
- سەرجەم ئەو مامۆستایانەی لە ڕێگای خوێندنا ئاشنایان بوو .
- بە مامۆستای سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم کە هاوکاری زۆری کردم .

ب

## سوپاس و پێزانین


- سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خودای گەورە، کە تەمەنی پێ بەخشیم تا بگەم بەم ڕۆژە .
- زۆر سوپاس  بۆ براکانم، کە هاوخەم و یارمەتی دەر و پاڵپشت بوون .
- بۆ مامۆستای سەرپەریشتارم، کە زۆر هاوکار بوو بۆم .
- بۆ سەرجەم مامۆستایان و فەرمانبەرانی بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردە، کەوا دەرفەتیان بۆ ڕەخساندم و هاوکارم بوون لەم کاروانەی خوێندنم لە زانکۆ .
- ڕیز و سوپاس بێ پایانم بۆ هەموو ئەو ماموستایانەی کوا فیریان کردووم و ماموستام بوون لە کاروانی خوێندنم ، بۆ هەموو ئەو کەسانەش گەر بەتاکە و شتێکیش هاوکارین کردووم.


ت

پوختە:

فۆلکلۆر بەو هەموو سامان و کەلەپورانە دەوترێ کە بەدرێژای مێژوو دەستکردوو بەرهەمی خەلک بوون و ماوەتەوە وەک پاشماوەکانی جل و بەرگی کۆن و ئێستا ، رایەخ و کەلووپەری خواردن (قاپ ، کاسە، کەوچک...هتد)

فۆلکلۆر بەرهەمێکە ، کەهەموو گەڵ بەدیهێناوە وە بەرهەمی فۆلکلۆری ، شێوەیەکی سادەی وای هەیە کە هەموو گەڵ تێیبگات و شەقلی تایبەتی ئەو گەلە یان ئەو دەورو زەمەنەی خۆی پێوەیە

نوسەر رۆلێکی گەورەی هەبووە لە  زیندوو کردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا کە چەندین پێشانگای کەلەپوری فۆلکلۆری کوردی کردۆتەوە و زیندووی کردۆتەوە

هەستکردنمان بە گرینگی رۆلی عومەر پەتی لە زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردییدا لەناو کۆمەلگای کوردەواریدا  حەزوو خولیای زۆری نوسەر بۆ خزمەتکردن و زیندووکردنەوەی کەلەپوری فۆلکلۆری کوردی و  کۆکردنەوەی و کردنەوەی پێشانگا فۆلکلۆریەکان ئەوەندە زۆر بووە .

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ١-پێشەکی | 6 |
| ٢- بواری کارکردن عومەر پەتی | 8-7 |
| ٢-١-بواری رۆژنامەگەری | 8-7 |
| ٢-١-١-زاراوە و پێناسەی رۆژنامەگەری | 8-7 |
| ٢-١-٢-جۆرەکانی رۆژنامەگەری | 10-8 |
| ٢-١-٢-١-رۆژنامە | 9-8 |
| ٢-١-٢-٢-گۆڤار | 10-9 |
| ٢-١-٣-ئەرکەکانی رۆژنامەگەری | 11-10 |
| ٢-١-٤-رۆژنامەگەر کیە | 12-11 |
| ٢-٢- بواری بلاوکردنەوەی کتێب | 15-12 |
| ٢-٣-بواری کۆکردنەوە و کردنەوەی پێشەنگای فۆلکلۆری کوردی | 17-15 |
| ٣- قۆناغەکانی عومەر پەتی لە زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا | 21-18 |
| ٣-١- قۆناغی یەکەم/ سالانی (٧٠-٨٠)کان | 18 |
| ٣-٢- قۆناغی دووەم/ سالآنی (٨٠کان- راپەڕین) | 21-19 |
| ٣-٣- قۆناغی سێیەم/ دوای راپەرین- ئێستا | 21 |
| ئەنجام | 22 |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | 23 |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | 23 |
| لیستی سەرچاوەکان | 25-24 |
| | |
| | |

١-پێشەکی:

١-١-ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتیە لە ( ڕۆڵی عومەر پەتی لە زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی)دا .

١-٢-هۆی هەلبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

هەستکردنمان بە گرنگی رۆڵی عومەر پەتی لە زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا لە ناو کۆمەلگای کوردەواریدا، کەچی تا ئێستا توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر نەکراوە، ئەمەش پاڵنەرمان بوو، کە ئەو کارە بە پێویست و شیاو بزانین، هەر هیچ نەبێت توێژینەوەیەکی لەو شێوەیە ئەنجام بدەین.

١-٣-ئامانجی تویژینەوە

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، بریتیە لە دیاریکردن و تیشک خستنەسەر قۆناغەکانی ژیانی عومەر پەتی لەزیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا لە هەردوو بواری کۆکردنەوە و کردنەوەی پێشانگای کەلەپوری فۆلکلۆری کوردی و ئەو کتێبانەی کە بڵاویکردۆتەوە، تاوەکو بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئاشنابکەین .

١-٤-ڕێبازی توێژینەوەکە:

بۆ ئەم توێژینەوەیە دوو ڕێبازمان تێکەڵکردووە، لە بەشە تیۆریەکەی ڕێبازی وەسفیمان، لە بەشە پراکتیکییەکەش ڕێبازی شیکاریمان بەکارهێناوە .

١-٥-سنوری توێژینەوە:

سنوری توێژینەوەکە بریتیە لە :باسکردنی رۆلی عومەر پەتی لە زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا.

١-٦- ناوەرۆکی توێژینەوە:

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی، کە پێکهاتووە لە: (ناونیشانی توێژینەوەکە ، هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە ، ئامانجی توێژینەوەکە ، ریبازی توێژینەوەکە ، سنوری توێژینەوەکە ، ناوەرۆکی توێژینەوەکە)، لە بەشێکی تیۆری، کە پێکهاتوە لە: چەمک و پێناسە و جۆرەکان و ئەرکەکانی رۆژنامەگەری لەگەڵ بوارەکانی کۆکردنەوە و کردنەوەی پێشانگای کەلوپەلی فۆلکلۆری کوردی)، بەشێکی پراکتیکی، کە پێکهاتوە لە: قۆناغەکانی عومەر پەتی لە زیندوو کردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا، کە ئەوانیش بریتین لە: (قۆناغی یەکەم / سالانی (٧٠-٨٠)ەکان ، قۆناغی دووەم/ سالانی(٨٠کان تا راپەرین ، قۆناغی سێیەم/ دوای راپەرین تا ئێستا )پێکهاتووە.

## ٢ - بوارکانی کارکردنی عومەر پەتی

### ٢-١-بواری رۆژنامەگەری

### ٢-١-١-زاراوەو پێناسەی رۆژنامەگەری

زاراوەی رۆژنامەگەری، وەکو هەر زاراوەیەکی دیکە، لەهەر زمانێکدا زاراوەیەکی تایبەتی بۆ بەکارهاتووە. بۆ نموونە ((رۆژنامەگەری یان رۆژنامە نوسی یان رۆژنامەوانی لە زمانی کوردیدا بەکاردی بەرامبەر وشەی (journalism) یان (press) ئینگلیزی بەکاردێت.لە زمانی عرەبیدا (صحافة)بەکاردیت. یەکەم کەس کە ووشەی رۆژنامە گەری بەکارهێنا (شیخ نجیب حداد) بوو))(تەها دوسکی 2010:50). واتا هەر زمانێک خاوەنی زاراوەیەکی تایبەتە.

سەبارەت بە پێناسەکردنی بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە، چونکە بوارێکی فراوانە و هەرێکە لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە پێناسەی بۆ کردووە. بۆ نموونە دەووترێت: ((رۆژنامەگەری نوسراوەیەکی خولک (دەوریە) رۆژانە یان هەفتانە یان دوو هەفتە جارێک یان مانگانە یان وەرزان یان سالان دەردەچێت ، مەبەستی گەیاندەنی هەوال و زانیاری و رۆشنبیری بە شێوەیک کە گونجاوبن بۆ تیگەیشتن و وەرگرتنی لەلایەن خوێنەرەکانیانەوە))(منصور 1997: 15). واتا رۆژنامە کۆمەلیک هەوال و زانیاری رۆژانە لە خۆ دەگریت، کە پێویستە جیگای بایەخ پێدانی جەماوەر بیت،. هەروەها گواستنەوەی دەنگ و باسەکانە بە شیوەیەکی رۆژانە یان مانگە یان سالانە بۆ خوینەران. هەربۆیە ((رۆژنامەگەری ئازاد و هیچ سانسۆرەکی لەسەر نیە و ئازادی دەربرین و بلاوکردنەوە بۆ هەموو هاولاتیان دەستەبەرە)) (یاسای رۆژنامەگەری لە کوردوستان2007: 5).

پێناسەیەکی دیکە جەخت لەسەر بنەماکانی دەکاتەوە، کە دەڵێت: ((رۆژنامەگەری لەسەر دوو بنەمای سەرەکی پیکدێت، یەکەمیان بابەتی پسپۆری رۆژنامە، کە بابەتی پسپۆری بۆ جەماوەری تایبەت پێشکەش دەکات وەک (پزیشکی،کارگیری،دارایی)، دووەمیان جەماوەری تایبەت لە خوێنەر، کە ئەو بلاوکراوانە بابەت پیشکەش بەچین و توێژەکان دەکات))(ابراهیم 1970: 20). کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوت، کە بنەمای یەکەم تایبەتە بە پسپۆری، بۆ گەیاندنی زانیارییە لە بوارە پسپۆرییەکەی خۆی و جەماوەری تایبەت بە خۆی هەیە و پێشکەشی دەکات، هەرچی بنەمای دووەمە، تایبەتی خوێنەر دەگرێتەوە، خوێنەر بریار دەدات کامە بوار هەلدەبژێرێت کە ئارەزووی دەکات بۆ ئەوەی زانیاریەکی زیاتری هەبێت.

لە کۆتاییدا دەکرێت، بڵێن: رۆژنامەگەری پیشەیەکە بەرامبەر بە نەیارەکانی دەست پان ناکاتەوەو چاوەڕی سوپاسی کەس ناکات، رۆژنامە دوور لە سۆز و لایەنگیری و دەمارگیری توندە، رۆژنامەگەری ئازاد و هیچ سانسۆریکی لەسەر نیە، ئەرکی بەرژەوەندی گشتی و کاری ئاشکراکردن و تانەلێدانی کارە چەوتەکانە، گیانێکی راست و دادەپەروەرانە، کار لەگەڵ بیروڕای بەرهەڵستکارانە بۆ گەیاندنی هەوڵ و زانیاریەکانە بە خوینەر.

## ٢-١-٢- جۆرەکانی رۆژنامەگەری:

### ٢-١-٢-١-رۆژنامە :

رۆژنامە بلاوکراوەیەکە، کە باس لە هەوال و چالاکی و رووداوەکانی ڕۆژانە لە زۆربەی بوارەکاندا دەکات. وشەی ڕۆژنامە ((وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشەی (رۆژ)لەگەل وشەی (نامە) کە دەبێتە رۆژنامە درووست دەبیت کە بە واتای (پەیامی رۆژ) دێت. نوسراویکی چاپکراوە رۆژ بە رۆژ دەنگو باسەکان پەخش دەکات لە عرەبی دوو وشەی هەیە (جریدە) و (صحفە). لە زمانی ئینگلیزیدا چەند وشەیەکی هەیە کە بۆ ئەم واتای بەکاردیت ( journal-paper-news paper-daily)(تەها دۆسکی،5،2007).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ رۆژنامە ڕۆژانەیە بەشێوەیەکی ئاسایی رۆژانە دەردەچێت و هەواڵ و روداوی گەرم و بەپەلە بۆ خوێنەرەکانی دەگوازێتەوە، بۆ ئەوەی ئاگاداری رووداوەکان بن، هەواڵەکانیش جۆراوجۆرن، هەر((ژمارەیەک رۆژنامەی رۆژانە لەکاتی دیاریکراوی خۆی دەردەچێت ، هەوالی سیاسی و ئابوری و رۆشنبیری و کۆمەلاتی لەخۆ دەگرێت))(علم الدین،2009، 12). واتە ئەو هەواڵ و زانیارانە کە بابەتی سەرەکی رۆژنامەکانن هەموو لایەنەکانی وەک رۆشنبیری و ئابوری کۆمەلایەتی و سیاسی لە خۆدەگرێت.

نووسەر لە چەندین رۆژنامەی ناوەخۆیی وتاری بڵاوکردۆتەوە، لێرەدا بە پێویستی دەزانین ناوی ئەو ڕۆژنامانە و ژمارەی وتارەکان بخەینەڕوو:

١-ڕۆژنامەی کاروانی وەرزش، (١٤) وتار.

٢-ڕۆژنامەی عێراق، (٣٩) وتار.

٣-ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق، (٢١) وتار.

٤-ڕۆژنامەی هاوکاری، (٢١٤) وتار.

٥- ساڵنامەی گڕی نەورۆز، (٢) وتار.

٦- ڕۆژنامەی زانکۆ پریس، (٢) وتار

٧- ڕۆژنامەی ئێوارەی گوڵان، (١) وتار.

نووسەر لە سەرجەم ئەو ڕۆژنامانەدا، (٢٩٣) وتاری بڵاوکردۆتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر خەمخۆری و خزمەتکردنی نووسەر بە ئەدەبی نەتەوەکەی.

**٢-١-٢-٢- گۆڤار**

هەواڵ و زانیاری جۆراوجۆر بەخوێنەر دەگەیەنێت، بەرهەمی تاکە کەسی نییە، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵە کەسێکە، وشەی گۆڤار( بە عەرەبی بە واتای(المجلە) یەکەم جار ئەم زاراوەی لە سالی (1731) بەکارهات. ........، گۆڤار بۆ چیرۆک و بابەت و لێکۆلینەوەی پڕ هەواڵە))(سەلام،2010: 108). لێردا بۆمان روون دەبێتەوە، کە گۆڤارچەندین رووداو و هەواڵ و زانیاری بە خوێنەر دەگەینیت. لە هەمان کاتدا کاریکی ئاوا ئاسان نییە، چونکە چەندین بابەتی هەمەڕەنگ و ژانرە جیاوازەکانی هونەری پەخشانی، وەک چیرۆک و رۆمان و گوتار بژداری تێدا دەکەن.

نووسەر بە نووسین و بڵاوکردنەوەی چەندین وتاری جۆراوجۆری دەربارەی فۆلکلۆری کوردی لە گۆڤارە کوردییەکاندا، خزمەتێکی بەرچاوی بەو بوارە کردووە، دواتر ئەو وتارانەی کۆکردۆتەوە لە چوارچێوەی کتێب بڵاویکردۆتەوە. بە پێویستی دەزانین ناو ئەو گۆڤارانە و ژمارەی ئەو وتارانەی کە تێدایان بڵاوکردۆتەوە بخەینەروو:

١-گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، (٥) وتار.

٢-گۆڤاری بەیان، (١٤) وتار.

٣-گۆڤاری تەندروستی و کۆمەڵ، (٢) وتار.

٤- گۆڤاری کاروان، (٣) وتار.

٥- گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، (٢) وتار.

٦- گۆڤاری ڕەنگین، (٢٧) وتار.

٧- گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی/ زانکۆی سلێمانی، (١) وتار.

٨- گۆڤاری تاوی کۆمەڵایەتی، (١٥) وتار.

٩- گۆڤاری زانكۆپریس، (٣) وتار.

١٠ گۆڤاری ڕامان، (١٢) وتار.

١١-گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، (١٣) وتار.

١٢- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر، (٥) وتار.

١٣- گۆڤاری لاوک، (١) وتار.

١٤- گۆڤاری كاروانی فۆلكلۆر، (١) وتار.

١٥- گۆڤاری سینەما و شانۆ، (١) وتار.

١٦- گۆڤاری پەیامی ڕاستی، (١) وتار.

نووسەر لە سەرجەم ئەو گۆڤارانەدا (١٠٦) وتاری بڵاوكردۆتەوە، سەرباری ئەمانەش، چەندین وتاری بە زمانی عەرەبی لە گۆڤارە عەرەبییەكانیشدا بڵاوكردۆتەوە.

## ٢-١ئەركەكانی ڕۆژنامەگەری:

هەر بواریک لە بوارەكانی ژیان ئەركی جۆراوجۆریان لەسەر شانە تا جێبەجێ بكەن، ڕۆژنامەگەریش وەكو هەر بوارێكی دیكەی ژیانی مرۆڤایەتی ئەركی جیاوازی هەیە، هەروەک وتراوە: ((ڕۆژنامەگەری بە گشتی ئەركی هۆشیاری و ڕینوینی كردنی بیرورای گشتییە، ........))(ئەحمەد 1978: 19)، بەواتای ئەوە دێت، لە جیهانی ئەمرۆماندا ڕۆژنامەگەری ئەركێكی یەكجار گەورەی كردۆتە سەرشانی ئەویش دروستكردنی ڕای گشتییە. ئەم ئەركە پێویستە بایەخی زۆری پێبدریت تا باشتر ئەنجام بگەیەنێت، چونكە هۆشیاری بنەمای بنیاتنان و دروستكردنی تاكێكی تەندروستە، هەر بە هۆشیاری كۆمەڵگا بەرەوپێشەوە دەچێت.

ڕۆژنامەگەری چەندین خزمەتگوزاری پێشكەش بە جەماوەر دەكات. هەروەک وتراوە: ((هەروا ئاسان نیە ئەو كۆمەلە خزمەتگوزاریانی كە ڕۆژنامە پێشكەشی جەماوەری دەكات دەست نیشان بكرێت، لەوەش گرانتر دەستنیشانكردنی ئەو كۆمەلە خزمەتگوزاریانیە كە خوینەری هەمە چەشنیانن هەیە و لە ناوەرۆكدا جیاوازن))(سەلام،2010، 116-118).

لێرەدا بۆمان دەردەكەویت، كە ئەركی ڕۆژنامەگەری ئەركێكی وائاسان نییە كە دەیبینین، بۆیە دەبێت بەشێوەیەک بێت، كە ڕای هەموو چین و توێژ و جەماوەریک لە خۆبگریت. ئەو هەواڵ و

زانیاریانه پیشکەش بکات، کە سودی بۆ کۆمەلگا و مرۆڤایەتی هەبێت، هەموو بوارە جیاوازەکان لە خۆ بگریت. هەربۆیە رۆژنامەگەری رۆلیکی گەورەی لە بەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و هەستی نەتەوایەتی هەیە.

"ئەدیب خەبور" پێیوایە ((رۆژنامەی سۆشیالیست سێ ئەرکی سەرکی هەیە، بریتین لە: پروپاگەندە، ریکخستن، هاندان))(ئەحەمەد،2002، 89). بەپێی ئەم بۆچوونە ئەرکی رۆژنامەی سۆسالیستی، کە جۆرێکە لە رۆژنامە، سێ ئەرکی سەرکی هەیە.

ئەرکی دیکە لە ئەرکەکانی رۆژنامەگەری دەکریت لە دیدی چوار سیستەمدا تەماشا بکەین، ئەوانیش بریتین لە(("لیبرال-سۆشایال دیموکرات-نیو لیبرال -بەشداریکردن" بەپێ چەمکی لیبرال لە ئەنجامدا وەکو کەسیک تەماشا دەکریت، کە پاراستنی مافەکانی هاولاتیان بخاتە ئەستوی خوی. رۆژنامەنوس لە رۆژنامەی سۆشیال دیموکراتدا رووبەرووی هاولاتی بون دەبێتەوە، لێرەدا گرینگی دەدری بە هاونیشتیمانی و خزمەت کردنی کەلتوری دیموکراسی. رۆژنامەنوس لە دیدی نیولیبرال پەیام نیری نیە، بەلکو ئاماژەیەکی بی لایەنی ململانی هێزە سیاسیەکان ئەرکی دلنیابوونە لە پشاندانی دادەپەروەری، لە رۆلی چوارم ئەم کارە گرینگترین مەبەستی گەیشتنی ئازادی و رادەربرین بۆ جەماوەر و خزمەتی هەموو دەولەمەند و هەژاری و زانیاری دەکات و زیاتر بایەخ بەو شتانە دەدات، کە زۆر باوە نیە لە میدیاکان))(عەلی،2002، 55).

کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە رۆژنامەگەری هەولّدەدا پێداچونەوە لە ئالوگۆرەکانی نیوان رەگەزە بچوکە و گەورەکانی رۆشنبیردا بکات، ئامانجیشی بریتیە لە گوزارشت کردن و یەکبوونی رۆشنبیری لە ریگای بەدوادچونی ئەو تیکەڵ بوونەوەی لە نێوان تایبەتمەندی و جۆرەکانی رۆشنبیردا هەیە.

نووسەر، بەهۆی کارکردنی لە بواری رۆژنامەگەری بۆ ماوەیەکی زۆر بەتایبەتی لە بواری زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا توانوویەتی، ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات، بەڵگەش بۆ قسەکانمان لەکاتی خستنەرووی بەرهەمەکانی بۆمان دەردەکەوێت.

## ٢-١-٤-رۆژنامەگەر کێیە؟

رۆژنامەگەر کەسێکی نادیارە کە شەو رۆژ بەبێ ماندووبون کار دەکات و لەخزمەتی تاک و کۆمەلگاکەیدایە، رۆژنامەگەر ((ئەو سەربازە ونە نادییارەیە، کە بەتەنیا بۆخۆی ناژییێت وە بەدرێژای تەمەنیدا بەشەو رۆژ بەبێ حەسانەوە بیرومێشکی ئەرەنجێنێت و توشی شەکەت و ماندیبوون دەبێت لە دەرهێنانی رووپەرەکانی رۆژنامەوگۆڤار بۆ ئەوەی گیانی شۆرشگێری و

بزوتنەوەی مرۆڤایەتی لەخاکی نیشتیمانا بچێنێ بۆئەوەی خەلکی شارەزای پەیدا بکات لەو ڕووداوانەی کە لەناخو دەرەوەی نیشتیماندا روو ئەدات))(شارەزا،22،1970 ). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ رۆژنامەگەر قەلەم لەدەستێکی پر لە زانیاری و سود گەیاندنە، کە شەو رۆژ لە خزمەتی میللەت و کۆمەلگایەکەیتی، کە وەک سەربازێکی ونی ماندوو نەناسە هەموو هەولێکی خۆی دەدات، بۆئەوەی هەموو ئەو زانیاریانە بخاتە سەر لاپەرەیەکی سپی و بیگیەنێت.

نووسەر وەکو رۆژنامەگەرێک توانیوویەتی، ئەسپی خۆی تاوبدات. بەوەی توانیوویەتی لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار وتار بڵاوبکاتەوە. وەکو لەلای سەرەوە خستمانە ڕوو.

## ٢-٢-بواری بڵاوکردنەوەی کتێب

کتێب، ئەو سەرچاوە لە بن نەهاتووە و بە بەهاترین گەنجینەی مرۆڤە. کتێب لە((چەند کاغەسێکی سپی پر لەوشەی نوسراو ، کەچەندین لاپەرەی پێک هێناوە و کۆکراوەتەوە و خراوەتە ناو دوو توێی بەرگێکدا . ئەم وشانەی کەتێیدا نوسراوە بەخامەی نوسەرێک نوسراوەو چەندین زاراوەو سەرچاوەیەکی رون و رستەو واتای مانادار خۆی دەبینێتەوە))(zaniary.com). کەواتە پەرتوک بەبەهاترین سەرمایییەی مرۆڤایەتیە کە بریتییە لە کۆمەلە لاپەرەیەک کەپرە لە مەعریفەت و زانیاری وە بەچەند رستەیەک دنیایەک واتاو زانیاری دەگەیەنێت، خوێندنەوەی کتێب بەلگەیە لەسەر رۆشنبیری و بیری خوێنەر.

ئاشنابون بەکتێب بریتییە لە ((وونکردنی خۆت لەناو کتێبدا لەهەمان کاتیشدا دۆزینەوەی خۆتە وە خوێندنەوەی کتێب کەسایەتیمان بنیات دەنێت ))(facebook.com). واتە لێرەدا ئەوەیە کتێب خودی خۆتی تیایدا دەدۆزیتەوە دەبێتە دروستبونی کەسایەتیەکی پتەو ئاست بەرز، بەپێی کات بۆی دەردەکەوێت، کە کتێب باشترین هاورێییە.

کتێب مێژوویەکی کۆنی هەیە، لەرووی ناوەرۆکەوە زانست و علمێکی زۆر لەخۆ دەگرێت، ((مێژوی کتێبە مسریە کەونارەکان لەپێش گەلەنی ترەوە بو، هەروەک و چۆن لە زۆربەی بوارەکانی دیکەی شارستانی مرۆڤایەتیدا هەمیشە پێشرەو بون.بۆ ئەوان پێشکەوتن لە بواری نوسینی کتیبدا کاریکی سروشتی بوە.لەسەردەمی کۆندا لە زەلکاوەکانی دەلتای نیلدا گیاک هەبو کە بە یۆنانی پێ دەوترا (پاپیرۆس)کە میسریەکان هۆکاری جۆراو جۆر سودیان لی وەرگرتوە))(عبدالرحمن:2008: 5). لێردا بۆمان دەردەکەویت، کە لە ناو زەلکاوەکانی نیل دا گیاک هەبوو، کە بەکاریانهیناوە بۆ پەرەی کتیب لەگەل پیشکەوتنی مرۆڤدا نوسین و کتێبیش پەرەی سەندوە.

هەر لە کۆنەوە شتی جۆراوجۆر بەکار دەهێنرا بۆ نووسین، بەمەش (( بەکارهێنانی کاغەز گەورەترین هۆکار بوو کە یارمەتی بلاوبونەوەی کتێبی دا لەنێو چینی مامناوەندا . موسلمانەکان پیشەسازی کاغەزیان لە سەدەی دوانزەهەم هێنایە ئیسپانیا وە لەسالی 1276 لە ئیتالیا ، یەکەمین ئاشی کاغەز دروستبوو . دواتر نوسخە کتێبەکان لە رێگەی چاپ کردن بۆیەکەم جار دەرکەوت))(عەبدولرەحمان ، 98،20089)،. ئەمەش گەواهی دەری ئەوەئە، کە پێش داهێنان و ئامێری چاپکردن زۆربەی کتێبەکان بەدەست دەنوسران، بەلام لەسەردەمی ئێستای مرۆڤایەتیدا هاتنی ئینتەرنێت و بەرنامە ئەلیکترۆنیەکان هۆکاری گواستنەوەی زۆربەی زانیاریەکانن .

نووسەر خاوەنی (٣٢) کتێبە، کە لە چەندین بواری جیاوازدا نووسراون. لێرەدا بە چاکی دەزانین بەسەر چەند بوارێکدا پۆلێنیان بکەین:

**یەکەم / بواری چیرۆکی مندالان:**

١/ تیتلە و بیلبیلە، چیرۆکی فۆلکلۆری مندالان، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان _ ناوچەی کوردستان،1980.

٢/رێوی گەرمیان و کوێستان، چیرۆکی فۆلکلۆری مندالان، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان،1984.

٣/کراشم دراو چم پێ نەبرا،چیرۆکی فۆلکلۆری مندالان،ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان،1986.

**دووەم/ بواری فۆلکلۆری کوردی:**

١/فۆلکلۆر،بەشی دووەم،کۆمەلە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە،(بەهاوبەشی چەند نووسەرێک)،1985.

٢/هەندێ داب و نەریتی باوی کوردەواری،دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی،ژ(195)،1988.

٣/داب و نەریتی ژنهێنان لە کوردەواریدا،وەزارەتی رۆشنبیری،هەرێمی کوردستان،هەولێر،2004.

٤/بیلۆگرافیای فۆلکلۆری کوردی،(کتێب-ووتار)(1860-1990)،هەولێر،2005.

٥/القیم السائدة في القصص الشعبية(الكردية و العربية),دراسة مقارنة/ط1-عما-الاردن,2007.

٦/القيم السائدة في القصص الشعبية(الكردية و العربية),دراسة مقارنة, وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان،أربیل،2007.

٧/فۆلکلۆرپەروەران دەدوێن، ئەنستیتیوتی کەلەپووری کورد-سلێمانی،ژمارەی بلاوکراوە،(211)ی ئینستیتیوت،چ1،چاپخانەی کارۆ،سلێمانی ،2016.

**سێیەم/ بواری ئەدەبی:**

١/دیاری نەورۆز لە پەخشانی کوردیدا،زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر،بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم،1989.

٢/بیلۆگرافیای جەژنی نەورۆز(1918-2000)،هەولێر،بەشی یەکەم،2006.

٣/دیاری نەورۆز لە پەخشانی کوردی/بەشی یەکەم و دووەم،(1935-2008)،چاپی دووەم/هەولێر،2009.

٤/دیاری نەورۆز لە هۆنراوەی کوردی/بەشی یەکەم،(1918-2008)،هەولێر،2009.

٥/هدیه النوروز فی الشعر والنثر للادباء الکورد و العرب(1936-2009)،بەهاوبەشی د.فاتیمە رشید باجەلان.هەولێر،2010.

٦/لە یادی رۆژنامەنووسی کوردیدا،هەولێر،2012.

٧/رەخنە بەچەند خوێندنەوەیەکی جودادا،دەزگای موکریانی،2020.

٨/ پەتینامە، هەولێر،2023.

**چوارەم/ بواری سایکۆلۆژی و پەروەردەیی:**

١/سایکۆلۆژیای فێربون و فێرکردن لە قۆناغی باخچەی مندالاندا،وەزارەتی پەروەردە،2002-2003.

٢/قوتابخانەی هاورێ،بە هاوبەشی:د.بەدرخان سندی و د.فاتیمە رەشید،وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،2004.

٣/العصف الذهبي واثرة في تنميه التفكير الابتكاری/ط1-عمان-الاردن,2006.

٤/سایکۆلۆژیایی وەرزشی،دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی،2013.

٥/تیۆرەکانی فێربوون،لەبلاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون،بە هاوکاری د.عێزەدین ئەحمەد عزیز،هەولێر،2021.

٦/سایکۆلۆژیای جیاوازیی تاکایەتی و راهێنانە پەروەردەییەکانە،د.ئەحمەد محەمەد الزعبی،و/پ.د.عومەر پەتی،2018.

٧/دەروازەیەک بۆ توانستەکانی ژیریی،پ.د.عومەر پەتی.چاپخانەی رۆژهەلات،هەولێر،2023.

٨/ دەرونزانیی مەعریفی،چاپخانەی رۆژهەلات،هەولێر،2022.

٩/ئاسۆی بەهرەداران و سەرکەوتوان،هەولێر،2023.

١٠/توندتیژی خێزانی،هەولێر،2023.

**پێنجەم/ بواری سیاسی و مافی مرۆڤ:**

١/فیدرالییەت و دەرفەتی پیادەکردنی لە عێراقدا،وەرگیرانی بەهاوکاری د.محەمەد عومەر مولود دەزگای ئاراس،هەولێر،2006.

٢/لە یادی (38)سالەی لە سێدارەدانی شەهید لیلی قاسم. بەهاوبەشی د.فاتیمە رشید باجەلان.هەولێر2012.

٣/دەروازەیەک بۆ مافی مرۆڤ،هەولێر،2019،بەهاوبەشی د.رشید حسین ئەحمەد.

**شەشەم/ بواری ئایینی:**

١/بەرۆژووبوون و کاریگەریی لەسەر کەسایەتی موسلمان،هەولێر،2012.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کەوا نووسەر خاوەنی چەندین کتێب و بەرهەمی جۆراو جۆرە. لەو ڕێگەیەوە توانیوویەتی لە چەندین بواری جیاواز خزمەت بە کۆمەڵگای کوردەواری بکات.

## ٢-٣- بواری کۆکردنەوە و کردنەوەی پێشانگای کەلوپەلی فۆلکلۆری کوردی

بێگومان کارکردن لە هەر بوارێک پێویستی بە لێزانی و هەوڵ و ماندووبوون هەیە. دیارە کارکردنیش لە بوارێکی وەکو فۆلکلۆریش تایبەتمەندی خۆی هەیە. حەز و خولیایی لایەنێکی سەرکەوتنی کارەکەیە، هەروەها هاندان و ڕێگە ڕۆشنەکردنەوەش لایەنێکی دیکە بۆ ئەو

سەرکەوتنە، چونکە هاوێشتنی هەنگاوی لەو شێوەیە، پێویستی بە هەنگاوی یەکەم و سەرەتایی هەیە، بۆ نووسەریش هەر وا بووە، هەربۆیە دەڵێت: ((چیرۆکی دەستپێکی حەز و خوولیام بۆ کۆکردنەوەی بابەتی فۆلکلۆری و کەلەپوریش، بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندیم دەگەڕێتەوە، کاتێک مامۆستا عومەر شێخەڵا دەشتەکی، لە پشووی نیوەی ساڵ، داوای لێکردین هەر یەکە و ڕاپۆرتێک دەربارەی بابەتی فۆلکلۆری و کەلەپووری کوردی بنووسین. پەند بێ ،چیرۆک و حەکایەت و بەیت و لۆرە و داستان بێت . ))(عەزیز،٢٠٢٣،٤٤). دیارە ئەوە هەنگاوی یەکەمی نووسەربووە، کە لەلایەن مامۆستا و فۆلکلۆرپەروەرێکی دیاری شاری هەولێرە، ئەویش مامۆستا عومەر دەشتەکی هاندراوە و پشتگیری لێکردووە.

وەک زانراوە و دەزانین کەلوپەلی فۆلکلۆری پەرت و بلاوە، کۆکردنەوەی ئەو کەلوپەلە کوردەواری و فۆلکلۆریانە کارێکی ئەستەمە، بەڵام خولیای نووسەر بۆ کەلوپەلە فۆلکلۆرییەکان ئەوەندە بەتین و بەهێزبووە، کە وایلێکردووە بە قیمەتیش بێت دەستیان بخات، چونکە بۆ سەردەمێک، کە ڕژێمی ئەوسا خەریکی خاپوورکردنی گوند و لادێیەکانی کوردستان بووە، ئەویش خەریکی کۆکردنەوەی ئەو کەلوپەلانە بووە، کە لەو گوندانە پارێزاوە بووە، نووسەر لەسەر زاری خۆی گێراویەتیەوە و دەڵێت: ((من لەوەتەی خۆم ناسیوە، خەریکی کۆکردنەوەی هەرچی ئامێرو کەرستە و شتومەکی کۆنی کوردەواریم ،لە هەر شوێنێ شتێکم کەوتبێتە بەردەست چ بە هیمەت چ بە قیمەت لە خاوەنەکەیم سەندووە لە ماڵەکەمدا هەڵم گرتووە))(عەزیز،67,2023). ئەمە گەواهی دەری ئەوەیە، کە نووسەر خەمخۆری زیندووکردنەوەی کلتور و فۆلکۆری نەتەوەکەی بووە.

نووسەر زۆر ماندوو بووە، تا توانیوویەتی هەموو ئەو کەلوپەلانە کۆبکاتەوە، ئینجا لە چەندین پێشانگادا نمایشیان بکات. یەکەم پێشانگای کەلوپەلی فۆلکلۆری کوردی، کە نووسەر کردۆتەوە، لە سەر زاری خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((ئەنجامدانی یەکەم چالاکی کەلە پووری لە ساڵی ١٩٨٦، لە باغی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر ئەنجام درا کە هەرچی کەرستەو کەلوپەلی کوردەواری دێرین هەبووە لەوێدا نمایشم کرد مەبەستی من ئەوە بوو کە نابێ ئێمە لە کەلتوور و کەلەپووری خۆمان بێ ئاگابین وە ئاگاداریان نەبین لە هەمان کاتیشدا چالاکییەکی دژە ڕژێمی ئەودەم بوو ،کە کورد زیندووە و نامرێ))(عەزیز،٢٠٢٣،٦٦). کەواتە لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە هەر وڵاتە و دابو نەریتی فۆلکلۆری تایبەت بە خۆی هەیە، کە فۆلکلۆرپەروەران لە ڕێگای پێشانگاکان بە خەڵکیان ئاشنا کردووە .

نووسەر هەر بەم پێشانگایە نەوەستاوە، بەڵکو هەر بەردەوام بووە، بۆیە هەر لە ساڵی دواتر دووبارە دەست دەکاتەوە بە کردنەوەی پێشانگای دووەمی، هەر لەسەر زاری خۆی دەڵێت:

((کردنەوەی دووەم پێشانگای فۆلکلۆری کەلەپووری کوردی لە ساڵی (١٩٨٧ –١٩٨٨) لە باخچەی گەورەی لای بەشی بایەلۆژی و پەرتووکخانەی کۆلێژم کرد. بە کەلوپەلی زۆرترو هەڵدانی ڕەشماڵی گەورەتر))(عەزیز،٦٧،٢٠٢٣)، کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە نووسەر زۆر ماندوو نەناسانە کەلوپەلەکانی کۆکردۆتەوە، ساڵانە پێشانگای بۆ کردووەتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە، کە بە رژێمی ئەوکات بڵێت، ڕاستیە تۆ دەتوانی لە ڕێگای هێزەوە گوند و لادێیەکانمان لەناو ببەی، بەڵام ناتوانیت لە کلتور و فەرهەنگ و مێژووی نەتەوایەتیمان دامانبڕێنیت.

## ٣- قۆناغەکانی عومەر پەتی لە زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا

### قۆناغی یەکەم/ سالانی (٧٠-٨٠)ەکان

لەم قۆناغەدا  باس لە دەستپێکی کاری نووسەر لە زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا دەکەین، کە وەک خۆی دەستپێکی حەز و خولیای بۆ ئەو کاتە دەگەڕێنێتەوە،کە قوتابی بووە لە قۆناغی ناوەندی خوێندنیدا، هەروەها باس لەو کەسانە دەکات کە هاوکاری بوونە، دەڵێت: ((لە پۆلی دووی ناوەندی و لە ساڵی  ١٩٧٢ مامۆستا عومەر شێخەڵا دەشتەکی بڵاوکراوەی کوردی هەڵواسی، کە یەکێ لە بەرگەکانی چەندان پرسیاری پێشبڕکێی تێدا بوو ،خەڵاتیشی بۆ دیاری کردبوو. بەندە وەڵامی هەموو پسیارەکانم دایەوە و خەڵاتەکەش بریتی بوو لە یەکەم بەرهەمی چاپ کراوی خۆی بەناوی (پەندی کوردی) چاپی یەکەم -١٩٧٢ لە ناوەوەش بە دەستنووسی خۆی پێشکەشی کردم، کە بەم جۆرەی پێشکەش کردبوو: «پێشکەش بە قوتابی بلیمەت عومەر ئیبراهیم عەزیز بۆ ئادگاری دوارۆژمان.»))(عەزیز،٢٠٢٣، ٤٥)، لێرەدا نووسەر باس لەوەرگرتنی ئەو پاداشە دەکات کە لە لایەن ئەو ماندووبوونەی  بۆ گەڕان بە دوای فۆلکلۆری کوردییەکان کردووە، کە لە لایەن مامۆستا عومەر شێخەلا دەشتەکی وەریگرتووە.

نووسەر دوای ئەوەی دەبێتە مامۆستای سەرەتایی، لەپاڵ وتنەوەی وانە بە قوتابیان، بە نزیکەی (١٢) ساڵ خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆری کوردی بووە، هەروەکو خۆی دەڵێت: ((لە ساڵانی ١٩٧١، لە نیوەی ساڵی ئەو ساڵەدا تاکو ساڵی ١٩٨٣، بۆ ماوەی (١٣) ساڵان ،خەریکی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردەواری بووم لە هەقایەت و پەند و باڵۆرە و پەندی کوردی و بەستەو گۆرانییەکانی (شین و شایی) و داب و نەریتی کوردەواری لە پیاو ژنانی بەساڵاچووی گوندەکەمان(دینگاوە)و(تل المطر-گردە بارانە) و تەنانەت هەر میوانێ بەهاتایە ماڵمان وە بمزانیایە شتی فۆلکلۆری لەلایە دەمدواند و هەر زوو تۆمارم دەکرد ))(عەزیز،٢٠٢٣، ٤٥). حەزو خولیای نووسەر بۆ فۆلکلۆری کوردی وایلێکردووە، کە رووی لە میوانەکانیشی بکات و داوای گێڕانەوەی ئەو شتانەیان لێبکات، کە لەبەریانە، وەک پەند و هەقایەت و سەرگوزشتەی فولکلۆری کوردی، نووسەر بەمەش توانیوویەتی زیاتر پەرەی بەکارەکەی بدات.

لەم قۆناغەدا، نووسەر زیاتر خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆری کوردی و تۆمارکردن بووە لە لای خۆی. واتە رۆڵی نووسەر لێرەدا وەک سەربازێکی ون وایە، کاری تۆمارکردن و پاراستن بووە. هەروەها توانیوویەتی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا سێ کۆڕ دەربارەی فۆلکلۆری کوردی بگێڕێت.

## قۆناغی دووەم: سالانی ( ٨٠)ەکان تا راپەرین

لەم قۆناغەدا، کە نزیکەی دە ساڵ دەخایەنێت، نووسەربە چالاکی جۆراوجۆر بەشداری لە زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا کردووە. سەرەتای ئەو کارەی لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی کۆڕێک لە ڕێکەوتی ١٤ی شوباتی ئەو ساڵە، کە لەسەر زاری خۆی تۆمارکراوە و دەڵێت: ((لە ١٤ /٢/ ١٩٨٠ لە وەرزی ڕۆشنبیری یەکێتی نووسەرانی کورد( لەدایک بوون و مردن لە فۆلکۆری کوردیدا)، لە هۆڵی ژووری بازرگانی کە بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی هەولێر بە سەرکەوتوویی بەڕێوە چوو ، مامۆستا عێزەدین فەیزیش بەو تەمەنە گەورەی خۆیەوە ئامادە بوو ، ئەمەش بۆ من وەک خەڵاتێکی مەزن بوو . هاندان و دەستگرتنی ئەو جۆرە مرۆڤە هەرگیز لەبیر ناکرێ ))(عەزیز، ٢٠٢٣، ٥٤). دیارە بە ئەنجامدانی ئەو کۆڕە لەلایەن نووسەرەوە، خزمەتێکی کردووە بە زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی، ئەوانەی ئامادەی کۆڕەکەشی بوونە، بوونەتە هاندەرێکی باش بۆ بەردەوامبوونی ئەو لەو ڕێگەیەدا..

دیارە ئەو هاندانانە بۆ نووسەر جێگای خۆی گرتووە، هەربۆیە بەردەوامبووە لە کۆڕگێران، بۆ نموونەی دوای دابڕانێکی چەند ساڵەی بەهۆی خزمەتکردنی سەربازی ئەوسا لە چالاکی هونەری دوورکەوتبۆوە، هەروەک لەسەر زاری خۆی دەڵێت: ((چەند خۆش بوو ئەو ڕۆژەی لە ساڵی ١٩٨٤ ، لە گەرمەی شەڕی خوێناوی ئێران و عێراق، من لە هۆڵی ڕۆشنبێری لە هەولێر لەنێو ئاپوورەی جەماوەرێکی زۆر بابەتێکم دەربارەی ژن و ژنخوازی لە کەلتووری کوردەواریدا پێشکەش کرد بۆ مامۆستا عیزەدین فەیزی ، فەرمووی؛ عومەر، « نەمزانی ئەوە قسە و باس بوو یان بە ڕاستی ئیمەت بردووە جیهانی شایی و ڕەشبەڵەک و خەنەبەندان و هەڵپەڕکێ جاری جاران ئافەرین سەد ئافەرین لەگەڵ دەست و قەلەمت.»))(عەزیز، ٢٠٢٣، ٦٥). لێرەدا نووسەردەوێت باس لە ستایشەکەی مامۆستا عیزەدین فەیزی بکات بۆ ئەو بابەتەی، کە دەربارەی ژن و ژنخوازی لە کلتوری کوردیدا کردووە، کە یەکێکە لە بابەتە گرینگەکانی نێو کۆمەڵگای کوردیدا.

نووسەر، کاتێک دەبێت بە قوتابی لە بەشی پەروەردە و دەروونزانی لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی سەلاحەددین لە ساڵی (١٩٨٥)دا، لە قۆناغی یەکەمدا کۆڕێک سازدەکات دەربارەی فۆلکلۆری کوردی بە زمانی عەرەبی، هەروەک خۆی ئاماژەی پێوەدەکات و دەڵێت: (( لە ساڵی یەکەمی خوێندن کۆڕێکم بەناونیشانی (فۆلکلۆر و تاریخە و موظوعاتە) بە زمانی عەرەبی لەسەر ئاستی کۆلێژو بەش پێشکەش کرد نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کاک مومتاز حەیدەری ئامادەی کۆڕەکە بوو کە بە سەرکەوتووی کۆتایی پێ هات))(عەزیز، ٢٠٢٣، ٦٦). دیارە هۆکاری ئەو

سەرکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ حەز و ئارەزووی نووسەر بۆ فۆلکلۆر، کە وای کردوە هەموو کات سەرکەوتو بێت .

نووسەر هەر بە گێڕانی کۆڕ نەوەستاوە، بەڵکو بە بەردەوامی پێشانگای فۆلکلۆری لە کۆلێژی پەروەردە کردۆتەوە، نووسەر باسی کردنەوەی ئەو جۆرە پێشانگایانە دەکات و دەڵێت: (( کردنەوەی ئەو تەرزە پێشانگا و نمایشە کەلەپوریەم کردە نەریتێکی ساڵانەی خۆم، تا لە زانکۆ بووم ، بە تاقی تەنیا ساڵانە دووبارەم دەکردەوە ساڵ بە ساڵیش ئەزموونەکەم دەوڵەمەنتر و کۆکتر دەبوو)) (عەزیز، ٢٠٢٣، ٦٧).

نووسەر لەم قۆناغەدا، سێ بەرهەمی لە چوارچێوەی کتێب بۆ منداڵان بڵاودەکاتەوە، کە چێرۆکی فۆلکلۆری کوردین، کۆیکردۆتەوە و ئامادەی کردووە. بەناوەکانی ( تیتلە و بیبلە، ڕێوی گەرمیان و کوێستان، کڕاشم و دراو چم پێ نەبڕا)، واتە هەرسێکیان چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواریی منداڵان بوون، کە بەرهەمی ڕەنگاوڕەنگ بوون کە لەو سەرەمەدا یەکەم کەس بووە بەرهەمی مندالان بە ئۆسفێرد چاک کردبێت.

نووسەر کاتێک خوێندنی زانکۆیی تەواو دەکات، دەبێتە مامۆستا لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە شاری هەولێر، ئەو حەز و ئارەزووەی بۆ فۆلکلۆر و زیندووکردنەوەی هەیبووە، هەر بەردەوامبووە. بۆیە لەوێش پێشانگای فۆلکلۆری دەکاتەوە، وەکو خۆی دەڵێت: ((لەساڵی ١٩٩٠/١٩٨٩ بەهۆی ئاهەنگەکانی ئادار و نەورۆز ڕەشماڵێکی کوردەواریم بە هەموو تەدارەکێکەوە لە دەرەوەی پەیمانگا هەڵدا چایە و قاوە و ماستاوی کورکنی کوردەوارییان دەخواردەوە ، خەڵکانێکی زۆر سەردانیان کرد جگە لە قوتابییان تەنانەت هاوڵاتییانی هەولێر لەو بەڕێزانێکە زۆر دڵیان پێ خۆش بوو کاک ئەسعەد عەدۆ ئەو کاتە ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی (کەلەپوروە )بوو لە کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنی کەرکووک ..))(عەزیز، ٢٠٢٣، ٧٠).

نووسەر هەر بە کردنەوەی پێشانگای فۆلکلۆری نەوەستاوە، بەڵکو هەوڵی دامەزراندنی مۆزەخانەیەکی فۆلکلۆری کوردیشی داوە، بەیارمەتی هاوڕێکی دڵسۆزی ئەو کارە پیرۆزەی ئەنجام داوە. ئەوەتە بە خۆی گەواهی دەدات و دەڵێت: (( ئەو کارەی کە زۆر شانازی پێوەدەکەم، دامەزراند ن و کردنەوەی یەکەمین مۆزەخانەی کەلەپوری کوردی بوو لەساڵی ١٩٩٠، لەمێژوی باشوری کوردستاندا، لە خانوی شەهید شەهاب دەباغ ئاخا لەقەلای هەولێرێ، ئەمەش بە هاوکاری مامۆستا فازیل شەورۆی کەلەپوورپەروەر، بەیەکەوە لە شار و شارۆچکە و لادێیەکانی کوردستان کەوتینە گەران و سۆراغ کردنی بۆ کۆکردنەوە و کرینی کەرەستەو ئامێر و کەلوپەلی کوردەواری.

ئەوەی ئێمە کردمان گەوهەرێکی بێهاوتابووی جوان بوو، سەد حەیف و مخابن، هەرچی کەرەستە و شتومەکی ئەو مۆزەخانە هەبوو، رۆژی راپەرین فەرهوودکران و فەوتا))(عەزیز، ٢٠٢٣، ٧١).
لێرەدا نووسەر زۆر ماندوو بوە بە کۆکردنەوەی کەلوپەل و شتومەکە کوردەوارییەکان بۆ کردنەوەی مۆزەخانەکە، بەلام بەداخەوە بەهۆی راپەرینەوە هەمووی فەوتان، کە ئەمەش بۆ نووسەر ئازار بەخش بووە.

نووسەر جگە لەو کارانەی، کە ئەنجامی داوە، لەم قۆناغەدا چەندین کتێبی بڵاوکردۆتەوە، کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە نووسەر هەوڵی بێوچانی داوە، تا هێزی کارکردنی هەبووە، لە بواری جیاجیا خزمەتی زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی کردووە.

## قۆناغی سێیەم/ دوای ڕاپەرین تا ئێستا

ڕاپەڕین، قۆناغێکی نوێی لە خەبات و تێکۆشان و خزمەتکردن هێنایەکایەوە، دەرفەتی خزمەتکردنی کلتوری نەتەوایەتی گۆڕی. قۆناغێک بوو دەستکەوتەکانی جۆراوجۆر بوون. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە شایانی باسکردن بێت، بواری زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردییە و ڕۆڵی نووسەرە لەم بوارەدا.
نووسەر دەڵێت: (( دوای سالێک بەهاوکاری دەستەیەک لە خەمخۆرانی فۆلکلۆری کوردی لە هەولێر یەکەم ژمارەی گۆڤاری(کاروانی فۆلکلۆری)مان، بەچەندان بابەتی بەپێز و جوان ، دەرکرد . خۆم ئەندامی دەستەی بەرێوەبردنی بووم . دانەیەک لەو گۆڤارەمان پێشکەش بە مام جەلال تالەبانی کردوو، دەستخۆشی لێ کردین؛ لەکاتی سەردانی کردنمان وەکو کۆمەلەی فۆلکلۆرانی کوردی لەمالەکەی خۆی لە ناو باغەکانی شەقلاوە دوای راپەرین لەمانگی ئایاری ١٩٩١ بە ئامادەبونی د.عیزەدین مستەفا رەسوول و د.شوکریە رەسووڵ و هاوسەرەکەی د.خەلیل ئیسماعیل و خالید جوتیار و تاریق جامباز و عومەر شێخەلا و صەدرەدین خۆشناو مولود بێخالی، بۆماوەی دەمژمێرێک پێکەوە قسەو باسمان کرد. ئەم دانیشتنە لەرێی ئازاد جوندیانییەوە بەرێوە چوو))(عەزیز، ٢٠٢٣، ٧١). لێرەدا نووسەر یەکەم گۆڤاری فۆلکلۆری بەناوی (کاروانی فۆلکلۆری) بەهاوکاری دەستەیەک لە خەمخۆرانی فۆلکلۆری دەرکردووە و باس لەوەش دەکات، کە دانەیەکی پێشکەش بە مام جەلال کردووە، کاتێک سەردانی کردوە .

نووسەر لەم قۆناغەدا، چوار کتێب دەربارەی فۆلکلۆری بڵاودەکاتەوە، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا. بەو بەرهەمانە خزمەتێکی باشی بە زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی کردووە.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند دەرئەنجامێک :

١- حەز و خولیای زۆری نووسەر بۆ خزمەتکردن و زیندووکردنەوەی کەلووپەلی فۆلکلۆری کوردەواریمان، وایلێکردووە، هەرکەسێک شتێکی فۆلکلۆری هەبایە لێی وەرگرتووە .

٢- نووسەر لەڕێگەی کردنەوەی چەندین پێشەنگای کەلوپەلی فۆلکلۆری کوردی هەوڵی زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی داوە.

٣- نووسەر بێجگە لە کردنەوەی چەندین پێشانگای فۆلکلۆری، چەندەها کتێبی فۆلکلۆری و بەرهەمی چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵانی بلاوکردۆتەوە .

٤- نووسەر وەک ڕۆژنامەگەرێکی سەرکەوتوو، بە نووسین و بڵاوکردنەوەی چەندین وتار ئەسپی خۆی تاوداوە و شوێن پەنجەی دیارە لە بواری خزمەتکردن و زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا.

ملخص:

الفولكلور هو كل الثروة والثقافة التي أنتجها الإنسان بشكل مصطنع عبر التاريخ، مثل بقايا الملابس القديمة والجديدة، والمواد الغذائية (أكواب، أوعية، وملاعق، وغيرها) .التراث الشعبي هو منتج تصنعه جميع الشعوب، فالمنتجات الشعبية لها شكل بسيط يمكن لجميع الناس فهمه ولها الشكل المحدد لذلك الشخص أو بيئته وكان للمؤلف دور كبير في إحياء التراث الشعبي الكردي من خلال افتتاح عدة معارض للفلكلور الكردي إن إحساسنا بأهمية دور عمر باتي في إحياء التراث الشعبي الكردي في المجتمع الكردي كان شغف المؤلف بخدمة وإحياء ثقافة الفولكلور الكردي وجمع وافتتاح المعارض الفولكلورية كبيراً جداً.

Summary:
Folklore is all the wealth and culture that has been artificially produced by people throughout history, such as the remains of old and new clothes, food items (cups, bowls, spoons, etc.). Folklore is a product created by all peoples. Folklore products have a simple form that all people can understand and have the specific shape of that people or their environment The author has played a great role in reviving Kurdish folklore by opening several exhibitions of Kurdish folklore Our feeling of the importance of the role of Omar Patti in reviving Kurdish folklore in Kurdish society The author's passion for serving and reviving Kurdish folklore culture and collecting and opening folklore exhibitions has been so great.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:

### ١-کتێب

١-ئەحمەد ، د. کەمال مەزهەر ، تێگەیشتنی راستی ، شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا ، بەغدا، ١٩٧٨.

٢- ئەحمەد، نەوزاد عەلی ، رابەری رۆژنامەگەری نهێنی کوردی ، وەزارەتی رۆشنبیری ، سلێمانی ، ٢٠٠١

3- پەتی، پ.د.عومەر، پەتینامە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2023.

4- دۆسکی ، عەبدولسەمەند ئیسلام تەها ، رۆلی بنەماڵەی بەدرخانیەکان لە گەشەپێدان و پێشخستنی هونەرەکانی رۆژنامەگەری کوردیدا ، سلێمانی ، ٢٠١٠.

5- سەلام ، و. فاتیح ، مێژووی سەرهەلدانی رۆژنامەگەری لە جیهاندا ، چاپی یەکەم ٢٠١٠.

6-شارەزا ، کەریم ، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی ، چاپخانەی ژین سلێمانی ، ١٩٧٠ .

7- عەبدەلرەحمان، د. ئەدهەم ئەمین ، مێژووی کتێب ، لەکۆنترین سەدەردەمەکانەوە تا سەردەمی ئێستا ، چاپخانەی خانی دهۆک، ٢٠٠٨.

8-عەلی ، سەلمان،رۆژنامەنووسی دیموکراتی پێدەنێتە سەدەی بیست و یەکی جیهانیەوە، سلیمانی ، 2002.

9- محەمەد ، شاخەوان مەلا ، رۆژنامەگەری تەنز لە هەرێمی کوردستاندا ، هەولێر ، ٢٠١٤.

10- یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان ، ژمارە (٣٥) ، ٢٠٠٧.

دووەم/ **سایتە ئەلیکترۆنیەکان:**

١- https://zaniary.com/blog/5e17c39803594/

٢- https://m.facebook.com/stor

دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:

1- علم الدين ، د. محمد ، اساسيات الصحفة فى القرن الحادى و العشرين ، القاهرة ، ٢٠٠٩.

2- منصور ، د.فارس ، حول الاعلام ، قسم الاعلام مركز تنضيم الآتحاد الوطنى الكوردستانى فى السليمانية ، ١٩٩٧.